PASEWAN

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

## ئۆکتۆبەر ٢٠٢٤

### شیکارییەکی ئاماریی پێشبینییکارانە
### بۆ چانسی پارت و کاندیدەکان




د. هەرێم کەریم | دانا جەمیل

پێداچوونەوە: یاسین عومەر



ئابی ٢٠٢٤

PASEWAN

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

## ئۆکتۆبەر ٢٠٢٤

### شیکارییەکی ئاماریی پێشبینییکارانە
### بۆ چانسی پارت و کاندیدەکان




د. هەرێم کەریم | دانا جەمیل

پێداچوونەوە: یاسین عومەر


ئابی ٢٠٢٤

## پووختەی جێبەجێکار

لـەم ڕاپۆرتـەدا بـە وردیـی سـەرنج خراوەتـە سـەر هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی دەنـگ و سـەنگی لایەنـە سیاسـییەکان بـە لەبەرچاوگرتنـی گریمانـەی ئـەوەی ئەگـەر ڕێژەی بەشـدارییکردن (٦٠٪) بێـت لـە هەر یـەک لە بازنەکانی هەڵبژاردندا، هەروەهـا پشـت بەسـتراوە بـە ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـی خولـی پێنجەمـی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠١٨) و هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانـی عێـراق لـە سـاڵی (٢٠٢١)، لەسـەر ئـەو بنەمایانـە و بـۆ شـیتەڵکردنی دەنـگ و سـەنگی هـەر یـەک لـە هێـزە سیاسـییەکان؛ شـەش ئەگـەر خراونەتـە ڕوو کە بریتیین لە:

**یەکەم**
ئەگـەر هێـزە کێبڕکێکارەکانـی هەڵبـژاردن هەمان دەنگی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بەدەست بهێننەوە.

**دووەم**
ئەگـەر هێـزە کێبڕکێکارەکانـی هەڵبـژاردن هەمـان دەنگـی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق (٢٠٢١) بەدەست بهێننەوە.

**سێیەم**
ئەگـەر هێـزە کێبڕکێکارەکانـی هەڵبـژاردن دەنگـی گریمانەیـی لەسـەر بنەمـای ئەنجامـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بەدەست بهێنن.

**چوارەم**

ئەگەر هێزە کێبڕکێکارەکانی هەڵبژاردن دەنگی گریمانەیی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بەدەست بهێنن.

**پێنجەم**

ئەگەر هێزە کێبڕکێکارەکانی هەڵبژاردن دەنگی گریمانەیی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بەدەست بهێنن بە لەبەرچاوگرتنی بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەرکورسییەک بە گریمانەی ڕێژەی (٦٠٪) بەشدارییکردن

**شەشەم**

ئەگەر هێزە کێبڕکێکارەکانی هەڵبژاردن دەنگی گریمانەیی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بەدەستبهێنن بە لەبەرچاوگرتنی بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەرکورسییەک بە گریمانەی ڕێژەی (٦٠٪) بەشدارییکردن.

## دەروازەیەک:

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە (٢٠٢٤/١٠/٢٠) ئەنجام بدرێت، جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو؛ هەرێمی کوردستان دابەش کراوە بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن و لیست و کاندیدی سەربەخۆش دەتوانن کێبڕکێی هەڵبژاردن بکەن، هەروەها چەند لیستێکی نوێش کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکەن، زۆریی ژمارەی کاندیدەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا ئەو ئەگەرە دەهێنێتە پێشەوە کە هەڵمەتی هەڵبژاردن گەرموگوڕتر دەبێت لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەم هۆیەشەوە ڕەنگە تاڕادەیەک بەشداریی هەڵبژاردن بەراورد بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (٢٠٢١) زۆرتر بێت.

## زانیاریی گشتی:

هەرێمی کوردستان بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردندا دابەش کراوە.

بازنەکانی هەڵبژاردن بریتیین لە پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە.

ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان: ١٠٠ کورسیین: (٩٥ کورسیی گشتی و ٥ کورسیی پێکهاتەکان):

## خشتەی ژمارە (١)

**دابەشبوونی کورسیی گشتیی و پێکهاتەکان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردند**

| بازنەکانی هەڵبژاردن | کورسیی گشتی | کورسیی پێکهاتەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| بازنەی پارێزگای هەولێر | ٣٢ | ٢ (١ مەسیحی و ١ توورکمان | ٣٤ |
| بازنەی پارێزگای سلێمانی | ٣٦ | ٢ (١ مەسیحی و ١ توورکمان | ٣٨ |
| بازنەی پارێزگای دهۆک | ٢٤ | ١ (مەسیحی) | ٢٥ |
| بازنەی پارێزگای هەڵەبجە | ٣ | - | ٣ |
| کۆی گشتی | ٩٥ | ٥ | ١٠٠ |

### زانیاریی دەنگدەران:

کۆی گشتیی دەنگدەرانی سەروو (١٨) ساڵ: (٣،٧٨٩،٣٩٠) سێ ملیۆن و حەوتسەد و هەشتاونۆ هەزار و سێسەد و نەوەت کەسە.

کۆی گشتیی ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان دەرکردووە و مافی دەنگدانیان هەیە: (٢،٩٠١،٠٨٠) دوو ملیۆن و نۆسەد و یەک هەزار و هەشتا کەس.

ڕێژەی گشتیی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: (٧٦،٥٪).

### دابەشبوونی دەنگدەران:

دابەشبوونی ئەو دەنگدەرانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و مافی دەنگدانیان دەستەبەر کردووە بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا بەو جۆرەی خوارەوەیە:


بازنەی پارێزگای هەولێر: (١،٠١٦،٣٥٧) یەک ملیۆن و شانزە هەزار و سێسەد و پەنجاوحەوت کەس.

بازنەی پارێزگای دهۆک: (٧٣٨،١٩٣) حەوتسەد و سیوهەشت هەزار و سەد و نەوەتوسێ کەس.

بازنەی پارێزگاکانی سلێمانی: (١،٠٨٤،٦١٧) یەک ملیۆن و هەشتاوچوار هەزار و شەشسەد و حەڤدە کەس.

بازنەی پارێزگای هەڵەبجە: (٦١،٩١٣) شەستویەک هەزار و نۆسەد و دوانزە کەس.

تێبینی: تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە ژمارەی دەنگدەرانی بازنەی پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجە لە یەک جیانەکراوەتەوە، هەر لەبەرئەوەشە لەم ڕاپۆرتەدا بە شێوەیەکی نزیکەیی لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتووان و ڕێژەی دەنگدەرانیان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) دیاریی کراون.



## گریمانەی بەشدارییکردن:


ئەگەر وا دابنێین (٦٠٪)ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە و بایۆمەترییان کردووە؛ بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوا ڕێژەی دەنگدان بەپێی بازنەکانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە دەبێت:

بازنەی پارێزگای هەولێر: (٦٠٩،٨١٤) شەشسەد و نۆ هەزار و هەشتسەد و چواردە کەس.


بازنەی پارێزگای دهۆک: (٤٤٢،٩١٥) چوارسەد و چلودوو هەزار و نۆسەد و پانزە کەس.

بازنەی پارێزگای سلێمانی: (٦٥٠،٧٧٠) شەشسەد و پەنجا هەزار و حەوتسەد و حەفتا کەس.

بازنەی پارێزگای هەڵەبجە: (٣٧،١٤٧) سیوحەوت هەزار و سەد و چلوحەوت کەس.



## بەرکەوتەی دەنگ بۆ هەر کورسییەک:




## شیکاریی گریمانەیی و پێشبینیکراوی دەنگی لایەنەکان

لە لاپەڕەکانی داهاتوو و لە چوار بەشی سەربەخۆدا کە تایبەتە بە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن؛ بارودۆخی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەگەری بەدەستهێنانی دەنگ و کورسیی هەر یەکێک لەو لایەنانە کە (٩٥) کورسییە گشتییەکەی پەرلەمانی کوردستان شیکاریی دەکرێت (ئێمە کورسیی پێکهاتەکانمان لەم شیکارییە وەدەر ناوە).

شیکاریی و پێشبینیکردنەکانی ئەم ڕاپۆرتە پشت دەبەستێت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، هەروەها گریمانەی بەدەستهێنانی دەنگ بۆ لایەنەکانی بەشدار لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە (٢٠٢٤/١٠/٢٠) ئەنجام بدرێت؛ دەخاتە ڕوو.

## یەکەم؛ بازنەی پارێزگای دهۆک



**ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای دهۆک:**

(١،٤٦١،٤٥٧) یەک ملیۆن و چوارسەد و شەستویەک هەزار و چوارسەد و پەنجاوحەوت کەس.



**بەرکەوتەی هەر کورسییەک بەپێی ژمارەی دانیشتووان:**

(٥٨،٤٥٨) پەنجاو هەشت هەزار و چوارسەد و پەنجاوهەشت دەنگ.



**ژمارەی گشتیی دەنگدەران ئەوانەی تەمەنیان سەروو (١٨) ساڵە:**

(٩٣٦،٧٤٦) نۆسەد و بیستوشەش هەزار و حەوتسەد و چلوشەش کەس.



**ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن:**

(٧٣٨،١٩٣) حەوتسەد و سیوهەشت هەزار و سەد و نەوەت و سێ کەس.



**رێژەی گریمانەیی دەنگدەر؛ ئەگەر (٦٠٪)ی دەنگدەران بەشداریی بکەن:**
(٤٤٢،٩١٥) چوارسەد و چلودوو هەزار و نۆسەد و پانزە کەس.



**بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان:**
(١٨،٣٧١) هەژدە هەزار و سێسەد و حەفتاو یەک کەس.


**بەرکەوتەی کورسیی پەرلەمانی کوردستان بۆ پارێزگای دهۆک بریتییە لە ٢٥ کورسی، کە یەکێکیان بۆ پێکهاتەی مەسیحییە، لەم بەشەدا شیکاریی بۆ (٢٤) کورسییە گشتییەکەی ئەو بازنەیە دەکرێت.**

### خشتەی ژمارە (٢)
### دەنگی لایەنەکان لە پارێزگای دهۆک لە دوو هەڵبژاردندا

| هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) | | | هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ | ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٣٠,٠٩٩ | ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٦٠,٥٤٣ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٢,٧٧٧ | ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨١,١٤٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | **یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان** | **٢٥,٦٧٦** | **٣** | **یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان** | **٢٥,٠٤٠** |
| ٤ | **بزووتنەوە گۆڕان** | **٦,٤٣٨** | ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | - |
| ٥ | **کۆمەڵی دادگەری کوردستان** | ٣,٩٠٣ | ٥ | **کۆمەڵی دادگەری کوردستان** | - |
| ٦ | **جووڵانەوەی نەوەی نوێ** | ١٥,٧٣٦ | ٦ | **جووڵانەوەی نەوەی نوێ** | ١٩,٣٩٣ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)




بەپێی داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان؛ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)، لە سنووری پارێزگای دهۆک ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو:

پارتی دیموکراتی کوردستان: (٧٩،٦٪)

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: (٧،٩٪)

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: (٦٪)

نەوەی نوێ: (٣،٨٪)

بزووتنەوەی گۆڕان: (١،٥٪)

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: (٠،٩٪)

ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ڕێژەی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەی مانگی ١٠ی ئەمساڵ (٢٠٢٤) لە پارێزگای دهۆک ڕێژەی بەشداریی (٦٠٪) بێت؛ ئەوا دەنگی گریمانەیی بۆ هەریەک لە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بەو شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٣): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٢,٥٦٠ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٤,٩٩٠ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٣٦,٥٧٤ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٦,٦٤٣ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣,٩٨٦ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٦,٨٣٠ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) لە سنووری پارێزگای دهۆک ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق:

پارتی دیموکراتی کوردستان: (٦٥،٧٪)

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: (٢٠،٤٪)

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: (٦،٣٪)

نەوەی نوێ: (٤،٨٪)

بزووتنەوەی گۆڕان: (هیچ پاڵێوراوێکی نەبوو)
کۆمەڵی دادگەری کوردستان: (هیچ پاڵێوراوێکی نەبوو)
ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ڕێژەی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەی مانگی ١٠ی ئەمساڵ (٢٠٢٤) لە پارێزگای دهۆک ڕێژەی بەشداریی (٦٠٪) بێت؛ کە دەکاتە (٤٤٣،٩١٥) چوارسەد و چلودوو هەزار و نۆسەد و پانزە دەنگدەر؛ ئەوا دەنگی گریمانەیی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەکو خشتەی ژمارە چوار دەبێت.

**خشتەی ژمارە (٤): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو |
| --- | --- | --- |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٩٠,٩٩٥ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٩٠,٣٥٤ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٣٧,٩٠٣ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | هیچ پاڵێوراوێکی نەبوو |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | هیچ پاڵێوراوێکی نەبوو |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٢١,٢٥٩ |


## خستنە ڕووی ئەگەرەکان:

**یەکەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٧،٢٧٦) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای دهۆک بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٥): دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٣٠,٠٩٩ | ١٧,٣٧٦ | ١٩ | ١,٨٥٥ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٢,٧٧٧ | | ١ | ١٥,٥٠١ | ٢ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٥,٦٧٦ | | ١ | ٨,٤٠٠ | ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٦,٤٣٨ | | - | ٦,٤٣٨ | - |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣,٩٠٢ | | - | ٣,٩٠٢ | - |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٥,٧٣٦ | | - | ١٥,٧٣٦ | - |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**



**دووەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٦،٠٨٤) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٦): دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٦٠,٥٤٣ | ١٦,٠٨٤ | ١٦ | ٣,١٩٩ | ١٦ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨١,١٤٤ | | ٥ | ٧٢٤ | ٥ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٥,٠٤٠ | | ١ | ٨,٩٥٦ | ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | - | | - | - | - |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | - | | - | - | - |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٩,٢٩٢ | | ١ | ٣،٢٠٨ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**سێیەم:** ئەگەر دەنگی گریمانەیی بکرێتە بنەما بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٢٩٩) دەنگ بێت} لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)؛ ئەوا دەنگ و کورسیی لایەنە سیاسییەکان بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٧): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٢,٥٦٠ | ١٨،٣٩٩ | ١٩ | ٣,٩٧٩ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٤,٩٩٠ | | ١ | ١٦,٥٩١ | ٢ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٣٦,٥٧٤ | | ١ | ٨,١٧٥ | ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٦,٦٤٣ | | - | ٦,٦٤٣ | - |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣,٩٨٦ | | - | ٣,٩٨٦ | - |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٦,٨٣٠ | | ٠ | ١٦،٨٣٠ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**چوارەم:** ئەگەر دەنگی گریمانەیی بکرێتە بنەما بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، {بەهای هەر کورسییەک (**١٧،٩٣٧**) دەنگ بێت}؛ لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (**٢٠٢١**)؛ ئەوا دەنگ و کورسیی لایەنە سیاسییەکان بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٨): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٩٠,٩٩٥ | ١٧،٩٣٧ | ١٦ | ٤,٠٠٣ | ١٦ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٩٠,٣٥٤ | | ٥ | ٦٦٩ | ٥ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٧,٩٠٣ | | ١ | ٩,٩٦٦ | ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | - | | - | - | - |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | - | | - | - | - |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٢١,٢٥٩ | | ١ | ٣,٣٢٢ | ١ |


(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.

(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.

(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.

(ز. م.): زۆرینەی ماوە.

(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



**پێنجەم:** ئەگەر دەنگی گریمانەیی بکرێتە بنەما بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و ڕێژەی بەشدارییکردن (٦٠٪) بێت و {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٣٧١) دەنگ بێت}؛ لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)؛ ئەوا دەنگ و کورسیی لایەنە سیاسییەکان بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٩): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٢,٥٦٠ | ١٨,٣٧١ | ١٩ | ٣,٥١١ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٤,٩٩٠ | | ١ | ١٦,٦١٩ | ٢ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٣٦,٥٧٤ | | ١ | ٨,٢٠٣ | ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٦,٦٤٣ | | - | ٦,٦٤٣ | - |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣,٩٨٦ | | - | ٣,٩٨٦ | - |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٦,٨٣٠ | | - | ١٦,٨٣٠ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**شەشەم:** ئەگەر دەنگی گریمانەیی بکرێتە بنەما بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و ڕێژەی بەشداریکردن (٦٠٪) بێت و {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٣٧١) دەنگ بێت}؛ لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)؛ ئەوا دەنگ و کورسیی لایەنە سیاسییەکان بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (١٠): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٩٠,٩٩٥ | ١٨,٣٧١ | ١٥ | ١٥,٤٣٠ | ١٦ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٩٠,٣٥٤ | | ٤ | ١٦,٨٧٠ | ٥ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٧,٩٠٣ | | ١ | ٩,٥٣٢ | ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | - | | - | ٦,٦٤٣ | - |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | - | | - | ٣,٩٨٦ | - |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٢١,٢٥٩ | | ١ | ٢,٨٧٩ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

## هەڵسەنگاندنی کۆتایی و شیکاری داتاکان:

لە دەرئەنجامی وردبوونەوە لە دەنگی لایەنەکان و شیکارییەکانی سەرەوە؛ دەردەکەوێت کە چانسی لایەنە سیاسییەکان لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانییدا بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) لە بازنەی پارێزگای دهۆک بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (١١): دەنگی پێشبینیکراوی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) - بازنەی پارێزگای دهۆک**

| ژ | پارتی سیاسیی | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٦ بۆ ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٢ بۆ ٥ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١ بۆ ٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٠ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٠ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١ |
| ٧ | بەرەی گەل | - |
| ٨ | ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی | - |

## شیکاریی داتاکان:

لەسەر بنەمای ئەو شیکارییانەی سەرەوە، لە خوارەوە تایبەت بە هەر پارتێکی سیاسیی داتاکان شیکاریی دەکەین و هەموو ئەگەر و پێشبینییەکانی تایبەت بە هەر پارتێکی سیاسیی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) لە سنووری بازنەی پارێزگای دهۆک دەخەینە ڕوو.

## یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

پارێزگای دهۆک بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوچەی ئارام دادەنرێت و کەمترین ململانێ سیاسییەکانی تێدا ڕوو دەدات بەراورد بە پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو پارێزگایەدا بەهێز و چەسپیوە، لەم ڕووەوە و بە لەبەرچاوگرتنی داتاکانی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان؛ بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، چاوەڕێ دەکرێت پارتی زۆرینەی بەرچاوی دەنگی ئەو پارێزگایە بەدەست بهێنێت، سەرباری ئەو ڕاستییە پارتی لەم هەڵبژاردنەدا ڕووبەرووی چەند ئاڵنگارییەک دەبێتەوە لەوانە:

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگای دهۆک (٧٩،٦٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٦٥،٧٪).

ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بتوانێت هەمان ڕێژەی دەنگی (٢٠١٨) بهێنێتەوە؛ ئەوا چانسی بەدەستهێنانی (١٩) کورسیی دەبێت، بەڵام ئەگەر هەمان ڕێژەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بەدەست بهێنێت، ئەوا چانسی بردنەوەی کورسییەکانی بۆ (١٦) کورسیی پەرلەمان دادەبەزێت.

بوونی لیستی جیاواز و کاندیدی جیاواز لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا، چاوەڕێ دەکرێت ئاستی بەشدارییکردنی دەنگدەران زۆرتر بکات، لە بارێکی وادا ئەگەرێکی بەهێزە کاریگەریی لەسەر دەنگدەر و لایەنگرانی پارتییش درووست بکات و ئەمەش دەبێتە ئاڵنگارییەکی نوێ لەبەردەم پارتی دیموکراتی کوردستاندا. یەکێکی تر لە ئاڵنگارییەکان لەبەردەم ئەو پارتەدا هاتنی هێزی تورکیایە بۆ سنووری پارێزگای دهۆک، ئەمەش ژینگەی هەڵبژاردنی لایەنە ڕکابەرەکان گەرمتر دەکات لە بەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕەنگە کاریگەریی گەورەش لەسەر دەنگدەرانی پارتی درووست بکات.

## دووەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

هەرچەندە بنکەی سەرەکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە پارێزگای سلێمانییە، بەڵام سەرجەم هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو نیشانی دەدەن کە ئەو حیزبە لە دهۆکیش پێگەیەکی بەهێز و چەسپاوی هەیە، هەروەها بەسەرنجدان لە داتاکانی هەڵبژاردن ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بەهەمان شێوەی ئەوانەی پێشوو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەتوانێت سەنگ و پێگەی خۆی بپارێزێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانەی خوارەوە:

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)؛ لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بەناوی (بەرەو ئیسلاح) بەشداریی کرد، ئەو کات هەردوو هێزەکە پێکەوە توانییان لە سنووری پارێزگای دهۆک (٧،٩٪)ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ئەو کات وەک قەوارەیەکی سیاسیی لیستەکەی تۆمار نەکرد و ئەندامەکانی بە شێوەی کاندیدی سەربەخۆ خۆیان پاڵاوت؛ لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبووەوە بۆ (٢٠،٤٪).

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، تەنها لە دوو بازنەی پارێزگای دهۆک کاندیدی هەبوو، خۆ ئەگەر لە هەر سێ بازنەکەدا کاندیدی هەبوایە ئەوا ڕێژەی دەنگەکانی زیاتر دەبوو.

ئەگەر یەکگرتوو هەمان دۆخی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) دووبارە بکاتەوە ئەوا تەنها دەتوانێت دوو کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر پارێزگاریی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکات، ئەوا دەتوانێت لە بازنەی پارێزگای دهۆک پێنج کورسیی پەرلەمان مسۆگەر بکات بە مەرجێک هەردوو قەوارەی سیاسیی بەرەی گەل و ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیی کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی یەکگرتوو درووست نەکەن.

## سێیەم: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا نەیتوانییوە لە سنووری پارێزگای دهۆک کێبڕکێکارێکی بەهێزی هەڵبژاردن بێت، بە وردبوونەوە لە داتای هەڵبژاردنەکانی پێشوو؛ دەردەکەوێت کە لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا هەمان دۆخ و بگرە قورستریش لە جاران بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەڕێوەیە بە ڕەچاوکردنی ئەم پێشهاتانەی خوارەوە:

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان تەنیا (٦٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەهەمان شێوە هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)؛ تەنها لە دوو بازنەدا کاندیدی هەبوو، بەڵام لە (٦،٣٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، خۆ ئەگەر لە هەر سێ بازنەکەدا کاندیدی هەبوایە دەیتوانی لەو ڕێژەیە زیاتریش دەنگ بەدەست بهێنێت.

ئەگەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بتوانێت پارێزگاریی لە دەنگەکانی خۆی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی دوو کورسیی دەبێت، بەڵام بۆ گەیشتنە ئەو ڕێژەیەی دەنگدەران لەم هەڵبژاردنەدا دوو ئاڵنگاریی جددیی لەبەردەمدایە:

یەکەم؛ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)؛ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی (هاوپەیمانێتیی کوردستانیی) بەشدارییان کرد و بزووتنەوەی گۆڕان هیچ کاندیدێکی نەبوو، لەبەرئەوە ئەگەرێکی بەهێزە کە دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەنگیان بە کاندیدەکانی یەکێتی دابێت، بەڵام بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان بە جیا دادەبەزێت و لیستی خۆی هەیە و پێناچێت دەنگدەرەکانی دەنگ بە یەکێتی بدەن.

دووەم؛ (لیستی بەرەی گەل) کە لە هەناوی یەکێتییەوە هاتۆتە دەر؛ ئاڵنگارییەکی دیکەیە و ئەگەرێکی بەهێزە بەشێک لە دەنگەکانی یەکێتیی بۆ خۆی ببات، لەم حاڵەتەشدا یەکێتیی چانسی بەدەستهێنانی یەک کورسیی دەبێت و لەدەستدانی کورسیی دووەم ئەگەرێکی بەهێزە.

## چوارەم: جووڵانەوەی نەوەی نوێ:

پاڵپشت بە هەڵسەنگاندنی داتای هەردوو هەڵبژاردنەکەی پێشوو؛ نەوەی نوێ چانسێکی بەهێزی هەیە لەم هەڵبژاردنەدا کورسییەک بەدەست بهێنێت، بەڵام گرفتێکی گەورە ڕووبەرووی جووڵانەوەکە دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە کە پێشتر پانتایی هێزی نەوەی نوێ لەناو دەنگی نارِازییدا بوو، لەکاتێکدا هەنووکە ئەو ژینگەیە گۆڕاوە؛ چونکە هێزی دیکە هاتوونەتە ئاراوە کە لە هەمان پانتاییدا کاران، هەر بۆ نموونە (لیستی ڕەوتی نیشتیمانیی)، کە چاوەڕوان دەکرێت بەشێک لە دەنگەکانی نەوەی نوێ ببات.

## پێنجەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، کۆمەڵی دادگەری کاندیدی نەبوو، بەڵام بە سەرنجدان لە داتاکانی هەڵبژاردن ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەم هێزە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا نەیتوانیوە لە پارێزگای دهۆک کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، پێدەچێت بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمیش بە هەمان شێوە بێت و لە هەمان دۆخدا بمێنێتەوە.

## شەشەم: بزووتنەوەی گۆڕان:

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)؛ بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشێکبوو لە (هاوپەیمانی کوردستانیی) لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان؛ لە سنووری پارێزگای دهۆک هیچ کاندیدێکی نەبوو، بەڵام کەمکردنی دەنگی گۆڕان بە گشتیی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم بزووتنەوەیە ناتوانێت هیچ کورسییەکی پەرلەمان لە سنووری پارێزگای دهۆک بەدەست بهێنێت.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

بەرەی گەل وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێ کە بۆ یەکەم جارە بەشداریی لە هەڵبژاردندا دەکات؛ لە بنەمادا لە هەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتووەتە دەرەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خاڵی بەهێزی دەنگدەرانی بەرەی گەل، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەبێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە بەشێک لە دەنگی لایەنەکانی تر ببات.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانییش وەک قەوارەیەکی سیاسی یەکەمجاریەتی کێبڕکێی هەڵبژاردن بکات، زەمینەی دەنگدەرانی ئەم ڕەوتە زیاتر لەناو دەنگدەرانی نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گۆڕانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەری ئەوەیش هەیە کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی هێزە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان درووست بکات. بەڵام چانسی ئەم ڕەوتە بۆ بەدەستهێنانی کورسیی لە بازنەی دهۆک زۆر دژوارە و ئەگەرێکی دوورە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت جگە لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پارێزگای دهۆک ژینگەیەکی لەبار نییە بۆ هێزەکانی تر کە کێبڕکێی هەڵبژاردنی تێدا بکەن، بەتایبەت درووستبوونی هەردوو قەوارەی سیاسیی نوێ کە بەرەی گەل و ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیین، بەشێک لە دەنگی لایەنەکانی تر جگە لە پارتی پەرت دەکەن، ئەمەش لە دەرەنجامدا لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەشکێتەوە.

## دووەم؛ بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێر



**ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر:**

(١،٤٦١،٤٥٧) یەک ملیۆن و چوارسەد و شەستویەک هەزار و چوارسەد و پەنجاوحەوت کەس.



**بەرکەوتەی هەر کورسییەک بۆ ژمارەی دانیشتووان:**

(٦١،٦٨٢) شەستویەک هەزار و شەشسەد و هەشتاودوو دەنگ.



**ژمارەی گشتیی دەنگدەران ئەوانەی تەمەنیان سەروو (١٨) ساڵە:**

(١،٣٦٦،٤٦٢) یەک ملیۆنو سێسەدو شەستو شەش هەزارو چوارسەدو شەستو دوو کەس.



**ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن:**

(١،٠١٦،٣٥٧) یەک ملیۆن و شانزە هەزار و سێ سەد و پەنجاو حەت کەس.



**رێژەی گریمانەیی دەنگدەر، ئەگەر(٦٠٪)ی دەنگدەران بەشداریی بکەن:**

**(٦٠٩،٨١٤) شەش سەد و نۆ هەزار و هەشت سەد و چواردە کەس.**



**بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان:**

(١٩،٠٥٦) نۆزدە هەزار و پەنجاو شەش دەنگ.

**بەرکەوتەی کورسیی پەرلەمانی کوردستان بۆ پارێزگای هەولێر بریتییە لە (٣٤) کورسی، کە دووانیان بۆ پێکهاتەی مەسیحییە، لەم بەشەدا شیکاریی بۆ (٣٢) کورسییە گشتییەکەی ئەو بازنەیە دەکرێت.**

**خشتەی ژمارە (١١): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) - بازنەی پارێزگای دهۆک**


| هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) | | | هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ | ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ |
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٣٧,٢٨٠ | ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٦١,٥١٨ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٣,٢٦٣ | ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣,٩٤٣ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١٠٠,١٢٢ | ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٦٥,٧١٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | **بزووتنەوە گۆڕان** | ٤٠,٦٨٠ | ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤,٣٤٥ |
| ٥ | **کۆمەڵی دادگەری کوردستان** | ٤٢,٣٤٠ | ٥ | **کۆمەڵی دادگەری کوردستان** | ١٩,٣٨٦ |
| ٦ | **جووڵانەوەی نەوەی نوێ** | ٥٥,٦٤٩ | ٦ | **جووڵانەوەی نەوەی نوێ** | ٧٨,٧٦٥ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

بە گوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم؛ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەمشێوەیە بوو:

پارتی دیموکراتی کوردستان: (٥٨,٩٪)
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: (٣٪)
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: (١٨,٨٪)
نەوەی نوێ: (٩,٣٪)
بزووتنەوەی گۆڕان: (٦,٨٪)
کۆمەڵی دادگەری کوردستان: (٧٪)



ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەرانی بازنەی پارێزگای هەولێر (٦٠٪) دەبێت لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤)؛ ئەوا دەنگی پێشبینییکراو بۆ هەریەک لە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن بەو شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (١٣): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٩,١٨٠ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٢,١٩٦ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١١٤,٦٤٥ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤١,٤٦٧ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤٢,٦٨٦ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥٦,٧١٢ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)

بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق؛ ڕێژەی دەنگی لایەنەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)؛ لە سنووری پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە بوو:

پارتی دیموکراتی کوردستان: (٥٩٪)


یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: (٠،٨٪)

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: (١٤،٨٪)

نەوەی نوێ: (١٧،٨٪)

بزووتنەوەی گۆڕان: (٠،٩٪)

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: (٤،٣٪)




ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ڕێژەی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەی ئەمساڵ (٢٠٢٤) لە پارێزگای هەولێر (٦٠٪) بێت؛ کە دەکاتە (٦٠٩،٨١٤) شەشسەد و نۆ هەزار و هەشتسەد و چواردە کەس؛ ئەوا دەنگی گریمانەیی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەکو خشتەی ژمارە (١٤) دەبێت.

**خشتەی ژمارە (١٤): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی بەدەستهاتوو |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٩,٧٩٠ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤٠,٨٧٨ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٩٠،٢٥٢ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٥,٤٨٨ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٢٦,٢٢٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٠٨,٥٤٦ |

## خستنە ڕووی ئەگەرەکان:

**یەکەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٥٢٥) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (١٥): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٣٧,٢٨٠ | ١٨،٥٢٥ | ١٨ | ٣,٨٣٠ | ١٨ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٣,٣٦٣ | | ٠ | ١٣,٣٦٢ | ١ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١٠٠,١٢٢ | | ٥ | ٧,٤٩٧ | ٦ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤٠,٦٨٠ | | ٢ | ٣,٦٣٠ | ٢ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤٢,٢٤٠ | | ٢ | ٥,١٩٠ | ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥٥,٦٤٩ | | ٣ | ٧٤ | ٣ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**دووەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٣،٨٠٣) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (١٦): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢٦١,٥١٨ | ١٣،٨٠٣ | ١٨ | ١٣,٠٦٤ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣,٩٤٣ | | ٠ | ٣,٩٤٣ | ٠ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٦٥,٧١٣ | | ٤ | ١٠,٥٠١ | ٥ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤,٢٤٥ | | ٠ | ٤,٢٤٥ | ٠ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ١٩,٣٨٦ | | ١ | ٥,٥٨٣ | ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٧٨,٧٦٥ | | ٥ | ٩,٧٥٠ | ٦ |

(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.
(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.
(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.
(ز. م.): زۆرینەی ماوە.
(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



**سێیەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٩،٥٩٠) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (١٧): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٩,١٨٠ | ١٩،٥٩٠ | ١٨ | ٦,٥٦٠ | ١٨ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٢,١٩٦ | | ٠ | ١٢,١٩٦ | ١ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١١٤,٦٤٥ | | ٥ | ١٦,٦٩٥ | ٦ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤١,٤٦٧ | | ٢ | ٢,٤٦٦ | ٢ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤٢,٦٨٦ | | ٢ | ٣,٥٠٦ | ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥٦,٧١٢ | | ٢ | ١٧,٥٣٢ | ٣ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**چوارەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٥٩٩) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (١٨): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٩,٧٩٠ | ١٨،٥٩٩ | ١٩ | ٦,٤٠٩ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤,٨٧٨ | | ٠ | ٤,٨٧٨ | ٠ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٩٠,٢٥٢ | | ٤ | ١٥,٨٥٦ | ٥ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٥,٤٨٨ | | ٠ | ٥,٤٨٨ | ٠ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣٦,٢٢٢ | | ١ | ٧,٦٢٣ | ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٠٨,٥٤٦ | | ٥ | ١٥,٥٥١ | ٦ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**



**پێنجەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٩،٠٥٦) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (١٩): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٩,١٨٠ | ١٩,٠٥٦ | ١٨ | ١٦,١٧٣ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٢,١٩٦ | | ٠ | ١٢,١٩٦ | ٠ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١١٤,٦٤٥ | | ٦ | ٣٠٩ | ٦ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤١,٤٦٧ | | ٢ | ٣,٣٥٥ | ٢ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٤٢,٦٨٦ | | ٢ | ٤,٥٧٤ | ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥٦,٧١٢ | | ٢ | ١٨,٦٠٠ | ٣ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**شەشەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٩،٠٥٩) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٢٠): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٥٩,٧٩٠ | ١٩,٠٥٩ | ١٨ | ١٦,٧٢٨ | ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤,٨٧٨ | | ٠ | ٤,٨٧٨ | ٠ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٩٠,٢٥٢ | | ٤ | ١٤,٠١٦ | ٥ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٥,٤٨٨ | | ٠ | ٥,٤٨٨ | ٠ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٢٦,٢٢٢ | | ١ | ٧,١٦٣ | ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٠٨,٥٤٦ | | ٥ | ١٣,٢٥١ | ٦ |

(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.
(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.
(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.
(ز. م.): زۆرینەی ماوە.
(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



## هەڵسەنگاندنی کۆتایی و شیکاری داتاکان:

لە دەرئەنجامی وردبوونەوە لە دەنگی لایەنەکان و شیکارییەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە چانسی لایەنە سیاسییەکان لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانیدا بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٢١): دەنگی پێشبینیکراوی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) - بازنەی پارێزگای هەولێر**

| ژ | پارتی سیاسیی | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١٨ بۆ ١٩ |
| ٢ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠ بۆ ١ |
| ٣ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٥ بۆ ٦ |
| ٤ | بزووتنەوە گۆڕان | ٠ بۆ ٢ |
| ٥ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ١ بۆ ٢ |
| ٦ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٣ بۆ ٦ |
| ٧ | بەرەی گەل | - |
| ٨ | ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی | - |

## شیکاریی داتاکان:

لەسەر بنەمای ئەو شیکارییانەی سەرەوە، لە خوارەوە داتاکان بۆ هەر پارتێکی سیاسیی شیکاریی دەکەین و هەموو ئەگەر و پێشبینییەکانی تایبەت بە هەر پارتێکی سیاسیی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) لە سنووری بازنەی پارێزگای هەولێر دەخەینە ڕوو.

## یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

تا ئێستا بە سەرنجدان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی زۆرینەی دەنگەکانی پارێزگاکە بەدەست بهێنێت، بەتایبەت لە هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١). سەرباری بەرز و نزمیی ڕێژەی بەشدارییکردن، هێشتا توانیویەتی ڕێژەی دەنگەکانی خۆی بپارێزێت، بە جۆرێک لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا (٥٩٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، خۆ ئەگەر بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیش بتوانێت پارێزگاریی لە دەنگەکانی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی (١٨) بۆ (١٩) کورسیی پەرلەمانی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەم سەرنجانە لەبەرچاو بگرین:

پارێزگای هەولێر بە حوکمی ئەوەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە، هێزە سیاسییەکان زیاتر نمایشی سیاسیی خۆیانی تێدا دەکەن، هەر لەبەر ئەمەشە ناکرێت پارێزگای هەولێر هاوشێوەی ژینگەی سیاسیی پارێزگای دهۆک سەیربکرێت.

دامەزراوەکانی حکومڕانی لە پایتەختدا جێگیرن، ئەمەش وا دەکات کێبڕکێی هەڵبژاردن بۆ چەسپاندنی پێگەی هێزە سیاسییەکان بەهێزتر بێت، لەم دۆخەشدا ئەگەری ئەوە هەیە ئاستی بەشداریی زیاتر بێت و ڕەنگە ئەمەش لەبەرژەوەندی پارتی نەبێت.

کەمیی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی مووچە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێت بووبێتە هۆی درووستبوونی نارەزایەتییەکی بێدەنگ لای ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک و ڕێی تێ دەچێت ئەوانە لە ڕۆژی دەنگداندا لە بەرژەوەندیی هێزە ڕکابەرەکانی پارتی دەنگ بدەن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پێگە و کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان درووست دەکات.

## دووەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

بە پێچەوانەی سنووری بازنەی دهۆک؛ دۆخی یەکگرتووی ئیسلامیی لە سنووری بازنەی هەڵبژاردنی هەولێر باش نییە، بە جۆرێک ڕەنگە بە (زۆرینەی ماوەی دەنگ)ـەکان ئەوجا بتوانێت کورسییەک بەدەست بهێنێت، ئەویش لە بارێکدا ئەگەر بەشێک لە دەنگدەرانی یەکگرتوو دەنگ نەدەن بەو لیستە نوێیانەی کە یەکەمجاریانە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.

## سێیەم: جووڵانەوەی نەوەی نوێ:

بەراورد بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان جووڵانەوەی نەوەی نوێ لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە سنووری پارێزگای هەورێر نزیکەی دوو هێندە ڕێژەی دەنگەکانی زیادی کرد، ئەمەش ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ زیادکردنی کورسییەکانی لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، خۆ ئەگەر نەوەی نوێ بتوانێت پارێزگاریی لە هەمان ڕێژەی دەنگەکانی بکات دەتوانێت پێنج کورسیی مسۆگەر بکات و ئەگەرێکی بەهێزە بە (زۆرینەی ماوە) کورسیی شەشەمیش ببات، بەڵام ئەوەی ڕوونە قورسە ئەم دۆخە بۆ نەوەی نوێ وەک خۆی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی درووستبوونی هێزی تازە ئەو بۆشاییە بۆ نەوەی نوێ تەسک دەکەنەوە کە بریتییە لە بازنەی دەنگی نارازیی و لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا پانتایی دەنگ و سەنگی نەوەی نوێ بوون.

## چوارەم: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی ئەگەرەکان، لە باشترین حاڵەتدا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەیتوانی (٥) بۆ (٦) کورسیی پەرلەمان لە پارێزگای هەولێر مسۆگەر بکات، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان یەکێتی ڕووبەڕووی چەند دژوارییەکی گەورە دەبێتەوە کە ڕەنگە ببنە هۆی کەمکردنی دەنگ و کورسییەکانی ئەو حیزبە، لەوانەش:

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، لە چوارچێوەی (هاوپەیمانیی کوردستانیی)دا کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پێکیان هێنا، بزووتنەوەی گۆڕان لە دوو بازنەی هەولێر کاندیدیان نەبوو، زۆر نزیکە لەو بازنانەدا دەنگدەرانی گۆڕان دەنگیان بە یەکێتی دابێت، بەڵام لەم خولەدا ئەمە بۆ یەکێتی فەراهەم نییە، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان بە جیا بەشداریی هەڵبژاردنەکە دەکات.

لیستی بەرەی گەل، ئەگەر لە پارێزگای دهۆک لە باریدا بێت دەنگەکانی یەکێتیی پەرت بکات، ئەوا لە پارێزگای هەولێر کاریگەرییەکی بەهێزتر لەسەر دەنگدەر و لایەنگرانی یەکێتی دادەنێت و ئەگەرێکی بەهێزە بتوانێت نەک تەنها دەنگ بەڵکو بەشێک کورسییەکانی یەکێتییش بە لای خۆیدا ببات.

ڕەنگە لە دیدگای خەڵکی ئەو شارەدا؛ پشکی گەورەی گرفتەکانی حوکمڕانی شارەکە و هەموو هەرێمیش بەر پارتی بکەوێت، بەڵام وەک هاوبەشێکی سەرەکیی حکومەت، ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمتریش بێت؛ ئەو گرفتانە ئێخەی یەکێتیش دەگرن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زیادبوونی دەنگی نارەزایەتی دروست دەکات و هاوشێوەی پارتیی بە زیانی یەکێتییش دەشکێتەوە.

## پێنجەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، کۆمەڵی دادگەری لە سنووری پارێزگای هەولێر تەنها دوو کاندیدی هەبوو، بەو شێوەیەش ڕێژەی (٣،٤٪)ی دەنگەکانی بەدەست هێنا، خۆ ئەگەر لە هەر چوار بازنەکەدا کاندیدی هەبووایە ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو هاوشێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)، ڕێژەی دەنگەکانی بە نزیکەیی بگاتەوە (٧٪)، لەم خولەدا ئەگەر کۆمەڵی دادگەری بتوانێت پارێزگاریی لەهەمان ڕێژەی دەنگەکانی بکات ئەوا چانسی بەدەستهێنانی دوو کورسیی دەبێت.

## شەشەم: بزووتنەوەی گۆڕان:

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بتوانێت هەمان دەنگی ساڵی (٢٠١٨)ی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت؛ ئەوا چانسی بەدەستهێنانی دوو کورسی دەبێت، بەڵام لەسەر بنەمای دەنگی (٢٠٢١)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ناتوانێت هیچ کورسییەک بەدەست بهێنێت، زۆرینەی ڕەهای ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە ئەستەمە هەمان دۆخی ساڵی (٢٠١٨) بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دووبارە فەراهەم ببێتەوە.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

بەرەی گەل کە وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێ بەشداریی لەم هەڵبژاردنەدا دەکات، لە بنەمادا لە هەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتۆتە دەرەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خاڵی بەهێزی دەنگدەرانی بەرەی گەل، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە، ئەگەری ئەوەیش هەیە بەشێک لە دەنگی لایەنەکانی تر ببات. سەبارەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر ئەگەرێکی بەهێزە لەسەر حسابی دەنگدەر و لایەنگرانی یەکێتی کورسیی بەدەست بهێنێت.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیی؛ وەک قەوارەیەکی سیاسیی یەکەمجاریەتی کێبڕکێی هەڵبژاردن بکات، دەنگدەرانی ئەم ڕەوتە زیاتر لەناو دەنگدەرانی نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گۆڕانەوە دێن، ئەگەری ئەوەش هەیە کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی هێزە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان درووست بکات، بەو هۆیەشەوە شیمانەی ئەوە لەئارادیە لە سنووری پارێزگای هەولێر چانسی بەدەستهێنانی کورسی هەبێت.

بە گشتی سەرنج و شیکاریی و خەملاندنەکان ئاماژەی ئەوە دەدەن کە لە سنووری پارێزگای هەولێر جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەگەری هەیە بتوانێت دەنگەکانی بە جێگیری بهێڵێتەوە، سەرجەم لایەنەکانی تر لەناو بازنەی دەنگدەرانی یەکدییدا ڕکابەری دەکەن و کار لەسەر بردنی دەنگی یەکدی دەکەن، ئەمەش دەرخەری ئەو واقیعەیە کە ئەم هێزە سیاسییانە ناتوانن بالانسی هێز لە پارێزگای هەولێر بە ئاقارێکی دیکەدا ببەن.

## سێیەم؛ بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجە

**سەرنجێکی گشتی:** تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ئەو داتایانەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەبارەت بە ژمارەی دەنگدەر لە پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجە ڕایگەیاندوون؛ پێکەوەن و جیا نەکراونەتەوە، لەبەرئەوە بە درووستی دیار نییە ژمارەی دەنگدەری سەروو (١٨) ساڵ و ئەوانەشی بایۆمەترییان کردووە لە هەریەک لەو پارێزگایانەدا چەندە، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونیی لەم ڕاپۆرتەدا پشت دەبەستین بە ژمارەی دەنگدەری هەریەک لەو دوو پارێزگایە بەگوێرەی بڵاوبوونەوەی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران بەگوێرەی ئەو داتایانەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاوی کردوونەتەوە؛ بە شێوەیەکی نزیکەیی بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی دەنگدەر و ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان دەستەبەر کردووە بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) چەندە وەک لەم خشتەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (٢٢): ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (٢٠٢١)**

| پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | بە ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| پارێزگای سلێمانی | ١,٣١٤,٤٨٣ دەنگدەر | ٪٩٤,٦ |
| پارێزگای هەڵەبجە | ٧٤,٤٦٠ دەنگدەر | ٪٥,٤ |
| کۆی گشتی دەنگدەر لە هەردوو پارێزگاکە | ١,٣٨٨,٩٤٣ دەنگدەر | ٪١٠٠ |

هەروەها بە پشتبەستن بەو داتایانەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بڵاوی کردوونەتەوە؛ دەتوانین بە شێوەیەکی نزیکەیی ژمارەی دەنگدەری سەروو هەژدە ساڵ و ئەوانەی کارتی بایۆمەتریی دەنگدانیان دەرکردووە و مافی دەنگدانیان مسۆگەر کردووە بۆ خولی شەشەمی

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاری بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤)، ژمارەی دەنگدەرانی هەردوو پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجە بریتییە لە: (١،٤٩٦،١٨٢) یەک ملیۆن و چوارسەد و نەوەتوشەش هەزار و سەدوهەشتاودوو دەنگدەر.

ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کارتی بایۆمەترییان دەرکردووە لە هەردوو پارێزگاکەدا بریتییە لە (١،١٤٦،٥٣٠) یەک ملیۆن و سەد و چلوشەش هەزار و پێنجسەد و سیی دەنگدەر.


بەلەبەچاوگرتنی ئەم داتایانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی دەنگدەران لە هەریەک لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٢٣) ژمارەی نزیکەیی دەنگدەرانی پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤)**

| | | |
|---|---|---|
| سلێمانی | دەنگدەری سەروو ١٨ ساڵ | ١,٤١٥,٣٨٨ |
| | ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن | ١,٠٨٤,٦١٧ |
| هەڵەبجە | دەنگدەری سەروو ١٨ ساڵ | ٨٠,٧٩٣ |
| | ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن | ٦١,٩١٣ |

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم داتایانە و لەسەر بنەمای دەنگی نزیکەیی دەنگدەران؛ هەڵسەنگاندن بۆ دەنگی لایەنەکان دەکەین لە هەردوو بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانیی و هەڵەبجەدا.

## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی



**ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی:**

(٢،٣٢٠،٤٣٤) دوو ملیۆن و سێسەد و بیست هەزار و چوارسەد و سیوچوار کەس.



**بەرکەوتەی هەر کورسییەک بۆ ژمارەی دانیشتوان:**

(٦٤،٤٥٦) شەستوچوار هەزار و چوارسەد و پەنجاوشەش دەنگ.



**ژمارەی گشتیی دەنگدەران ئەوانەی تەمەنیان سەروو ١٨ ساڵە:**

(١،٤١٥،٣٨٨) یەک ملیۆنو چوارسەدو پانزە هەزار و سێسەد و هەشتاوهەشت کەس.



**ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن:**

(١،٠٨٤،٦١٧) یەک ملیۆن و هەشتاوچوار هەزار و شەشسەد و حەڤدە کەس.



**رێژەی گریمانەیی دەنگدەر، ئەگەر(٦٠٪)ی دەنگدەران بەشداریی بکەن:**
(٦٥٠،٧٧٠) شەشسەد و پەنجا هەزار و حەوتسەد و حەفتا کەس.



**بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان:**
(١٨،٠٧٦) هەژدە هەزار و حەفتاو شەش کەس.

بازنەی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٣٨) کورسی بۆ تەرخان کراوە، کە دووانیان بۆ پێکهاتەی مەسیحی و توورکمانە، لەم بەشەدا ئێمە شیکاریی تەنیا بۆ (٣٦) کورسییە گشتییەکەی ئەو بازنەیە دەکەین.

**خشتەی ژمارە (٢٤):**

**دەنگی لایەنەکان لە پارێزگای سلێمانی لە دوو هەڵبژاردندا**

| هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) | | | هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ | ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ |
| ١ | یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان | ٢١٥,٣٨٥ | ١ | یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان | ١٠٧,٨٦٤ |
| ٢ | بزووتنەوەی گۆڕان | ١٤٨,٤٥٧ | ٢ | بزووتنەوەی گۆڕان | ١٧,٨٤٦ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٣,٤٠٧ | ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣,٨١٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦٤,٨١٦ | ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣٣,٢٠٨ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٦٤,٠٩٤ | ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٩٤,٢٣٦ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ٣٠,٥٨٧ | ٦ | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ٨,٠١٥ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو:

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: (٣٦٪).

بزووتنەوەی گۆڕان: (٢٤،٨٪).

پارتی دیموکراتی کوردستان: (١٠،٦٪).

جووڵانەوەی نەوەی نوێ: (١٠،٧٪).

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: (١٠،٨٪).

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: (٥٪).

ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤)، لە پارێزگای سلێمانی (٦٠٪) دەبێت، کە دەکاتە (٦٥٠،٧٧٠) شەشسەد و پەنجا هەزار و حەوتسەد و حەفتا کەس؛ ئەوا دەنگی گریمانەیی بۆ هەریەک لە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)، بەو شێوەیە دەبێت کە لە خشتەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (٢٥): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی پێشبینییکراو |
|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٣٤,٢٧٧ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ١٦١,٣٩٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٨,٩٨١ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٧٠,٢٨٣ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٦٩,٦٣٣ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٢,٥٢٨ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)

بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو:

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان: (٣٣٪).

جووڵانەوەی نەوەی نوێ: (٢٨،٨٪).

پارتی دیموکراتی کوردستان: (١٣،٤٪).

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: (١٠٪).

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: (٢،٤٪).


بزووتنەوەی گۆڕان: (٥،٤٪).

ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤)، لە پارێزگای سلێمانی (٦٠٪) دەبێت، کە دەکاتە (٦٥٠،٧٧٠) شەشسەد و پەنجا هەزار و حەوتسەد و حەفتا کەس؛ ئەوا دەنگی گریمانەیی بۆ هەریەک لە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای

ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، بەو شێوەیە دەبێت کە لە خشتەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە (٣٦): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی پێشبینییکراو |
|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢١٤,٧٥٤ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٣٥,١٤١ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٨٧,٢٠٣ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦٥,٠٧٧ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٨٧,٤٣١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٥٦,١٨ |



## خستنە ڕووی ئەگەرەکان:

**یەکەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٦،٢٩٨) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٢٧): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢١٥,٣٨٥ | ١٦,٢٩٨ | ١٣ | ٣,٥١١ | ١٣ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ١٤٨,٤٥٧ | | ٩ | ١,٧٧٥ | ٩ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٣,٤٠٧ | | ٣ | ١٤,٥١٣ | ٤ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦٤,٨١٦ | | ٣ | ١٥,٩٢٢ | ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٦٤,٠٩٤ | | ٣ | ١٥,٢٠٠ | ٤ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٠,٥٨٧ | | ١ | ١٤,٢٨٩ | ٢ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**دووەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (٨،٤٧١) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٢٨): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١٠٧,٨٦٤ | ٨,٤٧١ | ١٢ | ٦,٢١٢ | ١٣ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ١٧،٨٤٦ | | ٢ | ٩٠٤ | ٢ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣,٨١٨ | | ٥ | ١,٤٦٣ | ٥ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣٣,٢٠٨ | | ٣ | ٧,٧٩٥ | ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٩٤,٢٣٦ | | ١١ | ١,٠٥٥ | ١١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨,٠١٥ | | ٠ | ١ | ١ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**سێیەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٧،٦٩٧) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٢٩): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٣٤,٢٧٧ | ١٧،٦٩٧ | ١٣ | ٤,٢١٦ | ١٣ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ١٦١,٣٩٠ | | ٩ | ٢,١١٧ | ٩ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٨,٩٨١ | | ٣ | ١٥,٨٩٠ | ٤ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٧٠,٢٨٣ | | ٣ | ١٧,١٩٣ | ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٦٩,٦٣٣ | | ٣ | ١٦,٥٤١ | ٤ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٢,٥٣٨ | | ١ | ١٤,٨٤١ | ٢ |

(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.
(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.
(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.
(ز. م.): زۆرینەی ماوە.
(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



**چوارەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٦،٨١١) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٣٠): دەنگی پێشبینیکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢١٤,٧٥٤ | ١٦,٨١١ | ١٢ | ١٣,٠٢٢ | ١٣ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٣٥,١٤١ | | ٢ | ١,٥١٩ | ٢ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٨٧,٢٠٣ | | ٥ | ٣,١٤٨ | ٥ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦٥,٠٧٧ | | ٣ | ١٤,٦٤٤ | ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٨٧,٤٢١ | | ١١ | ٢,٥٠٠ | ١١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٥,٦١٨ | | ٠ | ١٥,٦١٨ | ١ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**پێنجەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٠٧٦) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٣١): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢٣٤,٢٧٧ | ١٨,٠٧٦ | ١٢ | ١٧,٣٦٥ | ١٣ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ١٦١،٣٩٠ | | ٨ | ١٦,٧٨٣ | ٩ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦٨,٩٨١ | | ٣ | ١٤,٧٥٣ | ٤ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٧٠,٢٨٣ | | ٣ | ١٦,٠٥٥ | ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٦٩,٦٣٢ | | ٣ | ١٥,٤٠٤ | ٤ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣٢,٥٣٨ | | ١ | ١٤,٤٦٢ | ٢ |

(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.
(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.
(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.
(ز. م.): زۆرینەی ماوە.
(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



**شەشەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٨،٠٧٦) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٣٢): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٢١٤,٧٥٤ | ١٨,٠٧٦ | ١١ | ١٥,٩١٨ | ١٢ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٣٥,١٤١ | | ١ | ١٧,٠٦٥ | ٢ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٨٧,٢٠٣ | | ٤ | ١٤,٨٩٩ | ٥ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦٥,٠٧٧ | | ٣ | ١٠,٨٤٩ | ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٨٧,٤٢١ | | ١٠ | ٦,٦٦١ | ١١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٥,٦١٨ | | ٠ | ١٥,٦١٨ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**تێبینی:** لە خشتەی ژمارە (٣٢)دا، وەکو ئەوەی دەردەکەوێت؛ داتاکان تەنها ئەنجامی (٣٥) کورسیی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش دەکات، ئەوەش لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)دا، دەنگدەرانی قەزاکانی (شارەزوور، سەیدسادق، پێنجوێن) لەسەر بازنەی هەڵەبجە دانرابوون، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) گەڕێندراونەتەوە سەر بازنەی پارێزگای سلێمانی. هەروەها لە هەڵبژاردنی (٢٠٢١)ـی ئەنجوومەنی نوێنەرانی

عێراقدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەنگی لەسەر بنەمای قەزاکان ڕانەگەیاندووە، هەر ئەمەش ئەو جیاوازییەی درووست کردووە.

## هەڵسەنگاندنی کۆتایی و شیکاری داتاکان:

لەدەرئەنجامی وردبوونەوە لە دەنگی لایەنەکان و شیکارییەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە چانسی لایەنە سیاسییەکان لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانیدا بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٣٣): دەنگی پێشبینیکراوی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) - بازنەی پارێزگای سلێمانی**

| ژ | پارتی سیاسیی | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١٢ بۆ ١٣ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٢ بۆ ٩ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤ بۆ ٥ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٣ بۆ ٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٤ بۆ ١١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١ بۆ ٢ |
| ٧ | بەرەی گەل | - |
| ٨ | ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی | - |

## شیکاریی داتاکان:

لەسەر بنەمای ئەو شیکارییانەی سەرەوە، لە خوارەوە داتاکان بۆ هەر پارتێکی سیاسیی شیکاریی دەکەین و هەموو ئەگەر و پێشبینییەکانی تایبەت بە هەر پارتێکی سیاسیی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) لە سنووری بازنەی پارێزگای سلێمانی دەخەینە ڕوو.

## یەکەم: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

بەپێچەوانەی هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێر کە زۆنی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانن، پارێزگای سلێمانی بە ناوەندی دەسەڵاتی یەکێتیی هەژمار دەکرێت، سەبارەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی سنووری ئەم پارێزگایە وەک بازنەیەکی هەڵبژاردن (٣٦) کورسیی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام بە شیتەڵکردنی داتاکانی هەڵبژاردن؛ لە دۆخی ئاساییدا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەتوانێت (١٢) بۆ (١٣) کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، بۆ نمونە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٨)، ئەو حیزبە ڕێژەی (٣٦٪)ی دەنگەکانی لەم پارێزگایەدا بەدەست هێناوە، لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا؛ هەمان حیزب ڕێژەی (٣٣٪) دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەست هێناوە.

بارودۆخ و واقیعی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە سەروبەندی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر جیاوازە، ئەمجارە ئاستەنگ و تەنگژەی زیاتر لە پێشوو ڕووبەڕووی یەکێتیی دەبنەوە و ئەستەم دەبێت بتوانێت هەمان سەنگ و پێگەی خۆی بپارێزێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

لیستی بەرەی گەل کە لە هەناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە هاتووە، لە سنووری پارێزگای سلێمانیی پێگەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئەمنیی بەهێزیان هەیە و کاریگەرییان دەبێت لەسەر کەمکردنی دەنگ و کورسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان.

خاڵێکی دیکەش، بە پێچەوانەی پارێزگای هەولێرەوە ئەگەر پارتی لەوێ بەرپرسی یەکەم بێت لە کەمیی خزمەتگوزارییەکان و نەدانی مووچەی فەرمانبەران؛ ئەوا لەزۆنی دەسەڵاتی یەکێتییدا بەرپرسیارێتیی یەکەم لە ئەستۆی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووە و ئەمەش ئەگەرێکی بەهێزە کە زیادبوونی نارەزایەتییەکان بە زیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بشکێنەوە.

## دووەم: جووڵانەوەی نەوەی نوێ:

بازدانێکی گەورە بەدی دەکرێت لە دەنگەکانی جووڵانەوەی نەوەی نوێ لە نێوان هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، بە جۆرێک ڕێژەی دەنگەکانی ئەو جووڵانەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی بەشداربووان لەو دوو هەڵبژاردنەدا لە (١٠،٧٪)ـەوە زیادی کردووە بۆ (٢٨.٨٪). خۆ ئەگەر نەوەی نوێ بتوانێت پارێزگاری لەم ڕێژەی دەنگانەی بکات؛ ئەوا چانسی بەهێزی هەیە لە سنووری بازنەی پارێزگای سلێمانیی (١١) کورسیی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەوەی سەبارەت بە نەوەی نوێ جیاوازە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، هاتنە ئارای هێزە نوێیەکانی وەکو ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیی و بەرەی گەل و کاندیدە سەربەخۆکانن، کە ڕەنگە پانتایی فراوانی دەنگدەرانی جووڵانەوەکە بچووک بکەنەوە و کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی نەوەی نوێ دروست دەکەن.

## سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

سەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی تەواو پێچەوانەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکە، ڕێژەی دەنگی پارتی لە سلێمانی تەواو سنووردارە، بەم شێوەیەش لەسەر بنەمای شیکارکردنی دەنگەکانی دەردەکەوێت کە دەتوانێت بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا نزیکەی (٤) کورسیی مسۆگەر بکات و ئەگەرێکی بەهێزیشە بە (زۆرینەی ماوە) کورسیی پێنجەمیش ببات، لەگەڵ ئەمەشدا دۆخی پارتی لە پارێزگای سلێمانی چەند سەرنجێک هەڵدەگرێت:

هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی پارتی و ئەو گرفتانەی لەناو کادیرانی ئەو حیزبەدا درووست بوون، ئەگەرێکی بەهێزە کارگەریی لەسەر دەنگدان درووست بکات، خۆ ئەگەر ململانێ و نارەزایەتییەکانی ناوخۆی پارتی بەهێزتر ببن تا ئەو ڕادەیەی لایەنگر و کادیرە زویرەکان بەشداریی دەنگدان نەکەن، ئەوا ئەگەرێکی بەهێزە کە کورسییەکانی پارتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ سێ کورسی دابەزێت.

ئەگەر گرفتەکانی حوکمڕانی لە پارێزگای سلێمانی پشکی گەورەی بەر یەکێتی بکەوێت، بەڵام وەک هاوبەشێکی سەرەکیی حکومەت؛ ئێخەی پارتییش دەگرێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زیادبوونی دەنگی نارەزایەتی درووست دەکات و هاوشێوەی یەکێتیی بە زیانی پارتیش تەواو دەبێت.

هەڵبەز و دابەزی دەنگی هەموو لایەنەکانی دیکەی دەرەوەی پارتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی دیاردەیەکی زەقە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، هەر بۆ نموونە کەمبوونەی دەنگی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە دوای ساڵی (٢٠٠٩)، دواتر هەمان دۆخ بەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕانی گرت لە دوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٣)ـەوە، هەر بۆیە ململانێی توندی هەڵبژاردن و بردنی دەنگی لایەنەکان لەنێوان خۆیاندا ئەگەرێکی شیاوە کە بە سوودی پارتی تەواو ببێت.

## چوارەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان

هەرچەندە کۆمەڵی دادگەری کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، تەنها لە دوو بازنەی پاریزگای سلێمانییدا کاندیدی هەبوو، بەو شێوەیەش توانی ڕێژەی (١٠٪)ـی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، بەهەما شێوە بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی بەشداریی لە هەڵبژاردندا؛ کۆمەڵی دادگەری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٨)، لە سنووری پارێزگای سلێمانیی توانی ڕێژەی (١٠.٨٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێت، ئەمە

سەلمێنەری ئەوەیە لە دۆخی ئاساییدا ئەگەر کۆمەڵی دادگەریی بتوانێت پارێزگاری لە هەمان ڕێژەی دەنگەکانی بکات ئەوا چانسی بردنی سێ بۆ چوار کورسی پەرلەمانی دەبێت لەم بازنەیەدا. بەڵام هاوشێوەی هێزەکانی تری بەشدار لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، ئەم هێزەش لەبەردەم ئاڵنگارییدا دەبێت، بەتایبەت هێزە نوێیەکان و بەدیارییکراویش (ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیی) بەشێک لە دەنگەکانی کۆمەڵەکە پەرت بکات.

## پێنجەم: بزووتنەوەی گۆڕان:

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بتوانێت هەمان دەنگی ساڵی (٢٠١٨)ی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەدەستبهێنێت؛ ئەوا چانسی بەدەستهێنانی (٩) کورسیی دەبێت، بەڵام لەسەر بنەمای دەنگەکانی هەڵبژاردنی(٢٠٢١)ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق؛ ئەو هێزە تەنها دەتوانێت لە دۆخی ئاساییدا یەک کورسی مسۆگەر بکات و چانسی بردنی کورسیی دووەمی بە (زۆرینەی ماوە) دەبێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەستەمە هەمان دۆخی ساڵی (٢٠١٨) بۆ بزووتنەوەی گۆڕان دووبارە ببێتەوە.

## شەشەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق(٢٠٢١)؛ تەنها یەک کاندیدی هەبوو، بەڵام بە سەرنجدان لە ئاست و ڕێژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان(٢٠١٨)، کە تەنها (%٥)ی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەست هێناوە، ئەوە دەردەکەوێت کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دۆخی ئاساییدا

دەتوانێت دوو کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، بەڵام بەهەمان شێوەی لایەنەکانی تر؛ ئەگەر هێزە نوێیەکان بەشێک لە دەنگەکانی یەکگرتوو پەرت بکەن، ڕەنگە چانسی کورسی دووەمی یەگرتوو لەدەست بچێت و تەنیا یەک کورسیی مسۆگەر بکات.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

بەرەی گەل وەک قەوارەیەکی سیاسیی نوێ کە یەکەم جارە بەشداریی هەڵبژاردن دەکات؛ لە بنەمادا لە هەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتۆتە دەرەوە، هەر لەبەر ئەمەشە خاڵی بەهێزی دەنگدەرانی بەرەی گەل، ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەنگ و پێگەی بەرەی گەل لە پارێزگای سلێمانییدا بەهێزترە بەراورد بە پارێزگاکانی تر، ئەمەش ئەو ئەگەرە بەهێزە دەهێنێتە پێش نەک تەنها دەنگ بەڵکو بەشێک لە کورسییەکانی یەکێتییش ببات، هەروەها ئەگەرێکی بەهێزیشە بەشێک لە دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێش ببات.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی وەک قەوارەیەکی سیاسیی یەکەمجارە کێبڕکێی هەڵبژاردن دەکات، زەمینەی دەنگدەرانی ئەم ڕەوتە زیاتر لەناو دەنگدەرانی نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گۆڕاندایە، ئەگەری ئەوەش هەیە کاریگەریی لەسەر دەنگدەرانی هێزە ئیسلامییەکانی وەک یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی دادگەریی کوردستان دروست بکات، بەو هۆیەش لە سنووری پارێزگای سلێمانی چانسی بەدەستهێنانی کورسیی پەرلەمانی دەبێت.

## بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەڵەبجە



**ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەڵەبجە:**
(١٢٤،٤٥٨) سەد و بیستوچوار هەزار و چوارسەد و پەنجاوهەشت کەس.



**بەرکەوتەی هەر کورسییەک بۆ ژمارەی دانیشتووان:**
(٤١،٤٨٦) چلویەک هەزار و چوارسەد و هەشتاوش دەنگ.



**ژمارەی گشتیی دەنگدەران ئەوانەی تەمەنیان سەروو (١٨) ساڵە:**
(٨٠،٧٩٣) هەشتا هەزار و حەوتسەد و نەوەدو سێ کەس.



**ئەوانەی کارتی بایۆمەترییان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن:**
(٦١،٩١٢) شەستویەک هەزار و نۆسەد و دوانزە کەس.



**ڕێژەی گریمانەیی دەنگدەر، ئەگەر(٦٠٪)ی دەنگدەران بەشداریی بکەن:**

(٣٧،١٤٧) سی و حەوت هەزار و سەدو چل و حەوت کەس.



**بەرکەوتەی هەڵبژاردن بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان:**

(١٢،٣٨٢) دوانزە هەزار و سێسەد و هەشتاو دوو کەس.

بازنەی هەڵبژاردن لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تەنیا(٣) کورسیی بۆ تەرخان کراوە، لەم بەشەدا ئێمە شیکاریی بۆ هەر سێ کورسییەکە دەکەین لەسەر هەمان بنەما و پێوەرەکانی پێشوو و چانس و ئەگەری دەنگ و کورسیی لایەنەکان شیی دەکەینەوە.

**خشتەی ژمارە (٢٤):**

**دەنگی لایەنەکان لە پارێزگای سلێمانی لە دوو هەڵبژاردندا**

| هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) | | | هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ | ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگ |
| ١ | یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان | ٨,٨٧٠ | ١ | یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان | ١٥,٥٩٠ |
| ٢ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٥,٠١٥ | ٢ | بزووتنەوەی گۆڕان | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥,١٦٠ | ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١١,٠٧٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣٧٠ | ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ١١,٤٣٠ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٣,٠٤٢ | ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٣,٠٨٣ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ٧,٧٦٣ | ٦ | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان | ١٤,٧١٩ |

## شیکاریی بۆ دەنگی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەم شێوەیە بوو بەگوێرەی داتاکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ٢٣.٦٪

بزووتنەوەی گۆڕان: ١٣.٣٪

پارتی دیموکراتی کوردستان: ١٣.٧

جووڵانەوەی نەوەی نوێ: ٨٪

کۆمەڵی دادگەری کوردستان: ١٦.٩

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان: ٢٠٪

ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین بە گوێرەی ڕێژەی بەشداریی بۆ ساڵی (٢٠٢٤) لە پارێزگای هەڵەبجە ڕێژەی بەشداری (٦٠٪) دەبێت ئەوا دەنگی گریمانەیی بۆ هەریەک لە لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٢٠٢٨ بەو شێوەیە دەبێت کە لە خشتەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

ژمارەی دەنگدەر بەرێژەی بەشداریی (٦٠٪) دەکاتە **٣٧١٤٧**

خشتەی ڕوونکردنەوەی دەنگی گریمانەیی بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤)

**خشتەی ژمارە (٣٦): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | دەنگی گریمانەیی (٢٠٢٤) |
|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٨,٦٩٢ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦,١٦٦ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣١٤ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٧,٢٨٠ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨,١٧٢ |


## خستنە ڕووی ئەگەرەکان:

**یەکەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٢،٠٧٣) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجە بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٣٧): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٨،٨٧٠ | ١٢,٠٧٣ | ٠ | ٨،٨٧٠ | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٥,٠١٥ | | ٠ | ٥,٠١٥ | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥,١٦٠ | | ٠ | ٥,١٦٠ | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣٧٠ | | ٠ | ٦,٣٧٠ | ١ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٣,٠٤٢ | | ٠ | ٣,٠٤٢ | ٠ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧,٧٦٣ | | ٠ | ٧,٧٦٣ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**



**دووەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (٢١،٩٦٤) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجە بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٣٨): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١٥,٥٩٠ | ٢١,٩٦٤ | ٠ | ١٥,٥٩٠ | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ١١,٠٧٣ | | ٠ | ١١,٠٧٣ | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ١١,٤٣٠ | | ٠ | ١١,٤٣٠ | ١ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٣,٠٨٣ | | ٠ | ١٣,٠٨٣ | ١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٤,٧١٩ | | ٠ | ١٤,٧١٩ | ١ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**سێیەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١١،٨٣٤) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجە بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٣٩): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٨,٧٦٦ | ١١,٨٢٤ | ٠ | ٨,٧٦٦ | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤,٩٤٠ | | ٠ | ٤,٩٤٠ | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥,٠٨٩ | | ٠ | ٥,٠٨٩ | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣٧٧ | | ٠ | ٦,٣٧٧ | ١ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٢,٩٧١ | | ٠ | ٢,٩٧١ | ٠ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧,٤٣٩ | | ٠ | ٧,٤٣٩ | ١ |

(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.
(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.
(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.
(ز. م.): زۆرینەی ماوە.
(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



**چوارەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٢،٢٠٨) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجە بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٤٠): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٨,٦٩٣ | ١٢,٢٠٨ | ٠ | ٨,٦٩٣ | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | - | | - | - | - |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦,١٦٦ | | ٠ | ٦,١٦٦ | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣١٤ | | ٠ | ٦,٣١٤ | ٠ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٧,٢٨٠ | | ٠ | ٧,٢٨٠ | ١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨,١٧٣ | | ٠ | ٨,١٧٣ | ١ |


**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

**پێنجەم:** ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکرێتە بنەما و {بەهای هەر کورسییەک (١٢،٣٨٣) دەنگ بێت}؛ ئەوا ئاستی دەنگ و ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجە بەم شێوەیە دەبێت:

## خشتەی ژمارە (٤١): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨)

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٨,٧٦٦ | ١٢,٣٨٣ | ٠ | ٨,٧٦٦ | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٤,٩٤٠ | | ٠ | ٤,٩٤٠ | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٥,٠٨٩ | | ٠ | ٥,٠٨٩ | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣٧٧ | | ٠ | ٦,٣٧٧ | ١ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٢,٩٧١ | | ٠ | ٢,٩٧١ | ٠ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٧,٤٢٩ | | ٠ | ٧,٤٢٩ | ١ |

(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.
(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.
(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.
(ز. م.): زۆرینەی ماوە.
(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.



**شەشـەم:** ئەگـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق (٢٠٢١) بکرێتـە بنەما و {بەهـای هـەر کورسـییەک (١٢،٣٨٢) دەنـگ بێـت}؛ ئـەوا ئاسـتی دەنـگ و ژمـارەی کورسـیی لایەنـەکان لـە بازنـەی پارێـزگای هەڵەبجـە بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٤٢): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)**

| ژ | قەوارەی سیاسیی | د. ب. | ب. ی. کورسی | ژ. ک | ز. م. | ک. ک. ب. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ٨,٦٩٣ | ١٢،٣٨٢ | ٠ | ٨,٦٩٣ | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٠ | | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦,١٦٦ | | ٠ | ٦,١٦٦ | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٦,٣١٤ | | ٠ | ٦,٣١٤ | ٠ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٧,٣٨٠ | | ٠ | ٧,٣٨٠ | ١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨,١٧٣ | | ٠ | ٨,١٧٣ | ١ |

**(د.ب.): دەنگی بەدەستهاتوو.**
**(ب. ی. کورسی): بەهای یەک کورسی.**
**(ژ. ک.): ژمارەی کورسی.**
**(ز. م.): زۆرینەی ماوە.**
**(ک. ک. ب.): کۆی کورسی بەدەستهاتوو.**

## هەڵسەنگاندنی کۆتایی و شیکاری داتاکان:

لە ئەنجامی وردبوونەوە لە دەنگی لایەنەکان و شیکارییەکانی سەرەوە؛ دەردەکەوێت کە چانسی لایەنە سیاسییەکان لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان لە بازنەی پارێزگای هەڵەبجە بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە دەبێت:

**خشتەی ژمارە (٤٣): دەنگی پێشبینییکراوی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٤) - بازنەی پارێزگای هەڵەبجە**

| ژ | پارتی سیاسیی | چانسی بەدەستهێنانی کورسی |
|---|---|---|
| ١ | یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان | ١ |
| ٢ | بزووتنەوە گۆڕان | ٠ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٠ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٠ بۆ ١ |
| ٥ | جووڵانەوەی نەوەی نوێ | ٠ بۆ ١ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١ |
| ٧ | بەرەی گەل | - |
| ٨ | ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی | - |

## شیکاریی داتاکان:

### یەکەم: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

لە سنووری بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەڵەبجەدا، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان چانسی بردنەوەی یەک کورسیی پەرلەمانی کوردستانی دەبێت، لەبارێکدا ئەگەر لیستی بەرەی گەل دەنگەکانی یەکێتیی پەرت نەکات.

### دووەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

بەهەمان شێوەی یەکێتیی، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان چانسی بردنی یەک کورسیی پەرلەمانی لە پارێزگای هەڵەبجە بەهێزە، بە مەرجێک ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی دەنگەکانی یەکگرتوو پەرت نەکات.

### سێیەم: جووڵانەوەی نەوەی نوێ:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، نەوەی نوێ دەتوانێت کورسییەک مسۆگەر بکات، ئەگەر لیستە نوێییەکان دەنگەکانی نەوەی نوێ پەرت نەکەن.

## چوارەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەستەمە کۆمەڵی دادگەری لەم بازنەیەدا بتوانێت کورسیی بەدەست بهێنێت، مەگەر لە ئەنجامی کەمکردنی دەنگی لایەنەکانی تر بتوانێت کێبڕکێی بردنەوەی کورسییەک بکات.

## پێنجەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە؛ پارتی ناتوانێت کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، بەڵام لەبارێکدا ئەگەر بە هۆی لیستە نوێیەکانەوە دەنگی لایەنەکانی تر پەرت ببێت و پارتییش پارێزگاریی لە ڕێژەی دەنگەکانی بکات؛ ئەوا لەم بارەدا چانسی بردنی کورسییەکی دەبێت.

## شەشەم: بزووتنەوەی گۆڕان:

هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی (٢٠٢١) لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەدا کاندیدی نەبوو، بەڵام تەنانەت ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بتوانێت هەمان دەنگەکانی ساڵی (٢٠١٨) ی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنێتەوە هێشتا ناتوانێت کورسی هەڵبژاردن لە پارێزگای هەڵەبجەدا بەدەست بهێنێت.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

لەگەڵئەوەی بەرەی گەل یەکەم ئەزموونێتی کە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات، بەڵام لە پارێزگای هەڵەبجە ئەستەم دەبێت بتوانێت دەنگی پێویست بۆ بردنەوەی کورسییەک مسۆگەر بکات.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

هاوشێوەی بەرەی گەل؛ ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانییش لەگەڵئەوەی یەکەم ئەزموونێتی کە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات، بەڵام ئەستەمە لە پارێزگای هەڵەبجە بتوانێت دەنگی پێویست بۆ بردنی کورسییەک کۆ بکاتەوە.

## دەرئەنجام:

لەسەر بنەمای شیکاریی داتاکان و هەڵسەنگاندی بارودۆخی هێزە سیاسییەکان دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە بۆ هەریەک لە هێزەکانی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان:

## یەکەم: پارتی دیموکراتی کوردستان:

لە ئەنجامی شیکاریی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و وردبوونەوە لە ئەگەرەکان؛ لە حاڵەتی ئاساییدا، پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، چانسی بردنەوەی (٤٣) کورسیی پەرلەمانی دەبێت، بەڵام دۆخی ئەمجارەی هەڵبژاردن بۆ پارتی ئاسایی نابێت و ڕووبەڕووی چەند ئاڵنگارییەکی جددیی دەبێتەوە، کە بەپێی هەڵسەنگاندنی داتاکان ئەگەرێکی بەهێزە ژمارەی کورسییەکانی بۆ خوار (٤٠) کورسیی دابەزێت، ئەگەرێکی بەهێزە (٣٨) کورسیی بەدەست بهێنێت، گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانەی لەم هەڵبژاردنەدا ڕووبەڕووی پارتی دەبنەوە بریتیین لە:

لە ساڵانی ڕابردوودا پارتی وەک هێزێکی ڕێکخراوی تۆکمە ناسرابوو، ئەمەش وای کردبوو لە هەموو قۆناغە سیاسییەکاندا تا ڕادەیەک بە یەک ئاراستە کار بکات، بەڵام هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەمساڵی پارتی درزی خستە ئەو یەک ڕەوتییەوە، ئەمە لەلایەک ئەگەری هەیە کادیر و لایەنگرە زویربووەکانی پارتی هەڵوێست وەربگرن و دەنگ نەدەن، لە لایەکی دیکەشەوە دروستبوونی کەلێن لەناو ڕیزەکانی پارتییدا گرەوی لایەنە ڕکابەرەکانی پارتی لەسەر لاوازکردنی ئەو حیزبە بەهێزتر دەکات.

هاتنی هێزی تورکیا و بڵاوبوونەوەی لە سنووری پارێزگای دهۆک، ئەگەرێکی بەهێزە لە لایەک توڕەبوون و بێزاریی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانەی لێ بکەوێتەوە و پێچەوانەی خواستی پارتی دەنگ بدەن، لە لایەکی

دیکەشـەوە دەبێتـە هـۆی فراوانبوونـی بازنـەی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی لایەنەکانی تـر بـە ئاراستەی دژی پارتـی. ئەمـە ئەگـەر ببێتـە هـۆی زیادبوونـی بەشداریی لە هەڵبژاردندا؛ لە بەرژەوەندیی پارتی نابێت.

بارودۆخـی ئابـووری هەرێـم و کەمیـی خزمەتگوزارییـەکان و نەبوونـی مووچـە لـە چەنـد ساڵی ڕابـردوودا؛ پشـکی گـەورەی بەرپرسـیارێتییەکە لـە ئەستۆی پارتـی دیموکراتـی کوردستان بـووە، هـەر ئەمـەش ئەگەرێکی دیکەیە کـە دەنگـدەران و هاوڵاتییانـی نـاڕازی بـە پێچەوانـەی خواسـتی پارتییـەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بدەن.

زیادکردنـی بـاج و ڕسـوومات و گومـرگ لەسـەر کاسـبکاران و زیادبوونـی ڕێـژەی بێکاریـی و نەبوونـی بـازاڕ، وای کـردووە خاوەنـکار و سـەرمایەداران دڵگران بن لـە حکوومـەت، بـە تایبەتیش کـە سەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیران و بەشێکی زۆری جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی هەرێم لای پارتیین.

هەرچەنـدە بەشـێکی گرفتەکانـی حکومڕانـی و قەیرانـی دارایـی بـە هـۆی نەناردنـی بودجـەی هەرێمـەوە بـووە لەلایـەن حکوومەتـی عێراقییـەوە، بـەڵام پشکی گەورەی بەرپرسیارێتییەکە بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوێت، لەبەرئـەوەی زۆربـەی جومگـە گرنگەکانـی حکومڕانـی لەدەسـتدایە، ئەمـەش ئەگـەری هەیـە کاریگـەری نەرێنیـی لەسـەر دەنـگ و پێگـەی پارتـی درووسـت بکات لەم هەڵبژاردنەدا.

## دووەم: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

بە سەرنجدان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، لە حاڵەتی ئاساییدا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەتوانێت ٢٠ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ یەکێتیی لە هیچ ڕوویەکەوە ئاسایی نابێت و بگرە دۆخی ئەمجارەی هەڵبژاردن بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لەوانەی پێشوو دژوارتر دەبێت، هەرئەمەش وا دەکات کورسییەکانی بە ڕێژەکی بەرچاو دابەزن و ئەگەری زۆرە بۆ نزیکەی (١٥) کورسیی دابەزێت. ئەو ئاڵنگارییانەی لەم هەڵبژاردنەدا ڕووبەڕووی یەکێتی دەبنەوە بە شێوەیەکی گشتیی بریتیین لە:

سەنگ و قورسایی و هێزی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانییە، بە هەمان شێوە لیستی بەرەی گەل کە لە هەناوی یەکێتییەوە هاتۆتەدەر؛ سەنگ و پێگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەمنیی هەر لە سنووری پارێزگای سلێمانییدایە، هەر ئەمە بۆ خۆی کاریگەریی بەهێز لەسەر کەمکردنی دەنگ و کورسییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان درووست دەکات.

بارودۆخی ناوخۆی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیش بە تەواوەتیی جێگیر نییە، هێشتا بەشێک لە سەرکردە کۆنەکانی ئەو حیزبە ڕەخنە و گلەییەکانیان لە سەرکردایەتی نوێی یەکێتی ناشارنەوە و بەردەوام لە دیبەیت و چاوپێکەوتنەکانیاندا ڕەخنەکانیان دەخەنە ڕوو، ئەمەش ڕەنگە هۆکارێکی سڵەمینەوەی دەنگدەران بێت لە دەنگدانیان بە یەکێتیی و کاریگەریش لەسەر بەشێک لە ئەندامانی ئەو حیزبە درووست بکات کە دەنگ نەدەن یان پێچەوانەی خواستی یەکێتیی دەنگ بدەن.

درووستبوونی لیستی جیاواز و بوونی ژمارەیەکی زۆری کاندید، گریمانەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە تاڕادەیەک ڕێژەی بەشدارییکردن بەرز ببێتەوە، لەسەر

بنەمای لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش، زیادبوونی ڕێژەی بەشدارییکردن لە خزمەت پێگە و سەنگی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا نابێت.

هاوشێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارودۆخی ئابووری هەرێم و کەمیی خزمەتگوزارییەکان و نەبوونی مووچە لە چەند ساڵی ڕابردوودا؛ پشکی گەورەی بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووە، بە تایبەتیی لە ناوچەی دەسەڵاتی یەکێتییدا کە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەیە، هەر ئەمەش ئەگەرێکی دیکەیە کە ڕەنگە دەنگدەران و هاوڵاتییانی نارازیی بە پێچەوانەی خواستی یەکێتییەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بدەن.

ڕووداوە ئەمنییە نەخوازراوەکان لە چەند ساڵی ڕابردووی سنووری پارێزگای سلێمانییشدا هەر لەسەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەژمار دەکرێن، بەتایبەت کە دەسەڵاتی ئەمنیی لەو ناوچانەدا بەدەست یەکێتییەوەیە، ئەمەش ئەگەرێکی بەهێزە کە نارەزایەتی هاوڵاتییان بەرانبەر بە یەکێتی زیاد کردبێت و لە هەڵبژاردندا بە پێچەوانەی ئارەزووی ئەو حیزبەوە دەنگ بدەن.

هەرچەندە بەشێکی گرفتەکانی حکومڕانی و قەیرانی دارایی بە هۆی نەناردنی بودجەی هەرێمەوە بووە لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە، بەڵام هاوشێوەی پارتیی؛ بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتییەکەش بەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکەوێت، لەبەرئەوەی لە دوای پارتی بەشێکی جومگە گرنگەکانی حکومڕانی هەرێم لەدەست یەکێتیدان، ئەمەش ئەگەری هەیە لەم هەڵبژاردنەدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دەنگ و پێگەی یەکێتیی دروست بکەن.

## سێیەم: جووڵانەوەی نەوەی نوێ:

ڕاسـتە لەنێـوان هـەردوو هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان(٢٠١٨) و هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق (٢٠٢١)دا ژمـارەی دەنگدەرانـی نـەوەی نـوێ زیـادی کـردووە، لەسـەر ئـەم بنەمایـەش نـەوەی نـوێ چانسـی بردنـەوەی (١٨) کورسیی پەرلەمانـی دەبێـت، بـەڵام لـە هەڵبژاردنـی ئەمجارەدا ئەستەمە هەمان دۆخـی هەڵبژاردنـی (٢٠٢١)ـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراق بـۆ نـەوەی نـوێ فەراهـەم ببێتـەوە و بـە تێگەیشـتن لـەو واقیعـە ئەگـەری ئـەوە هەیە نـەوەی نـوێ (١٤) کورسـیی پەرلەمـان بەدەسـت بهێنێـت لەسـەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

لـە هەڵبژاردنەکانـی ڕابـردوودا نـەوەی نـوێ تـەواوی سـەرنجی لەسـەر دەنگدەرانـی ناڕازیـی بـوو، سنووری دەنگـی ناڕازی بـۆ نەوەی نوێ سنوورێکی واڵا و فـراوان بـوو، بـەڵام بـۆ هەلبژاردنـی خولـی شەشـەمی پەرلەمانـی کوردستان ئـەو سـنوورە بـۆ نـەوەی نـوێ بچـووک دەبێتـەوە، هـەر یـەک لـە لیسـتەکانی تـری وەک (بـەرەی گـەل و ڕەوتـی هەڵوێسـتی نیشـتیمانیی و کاندیـدە سـەربەخۆکان و هێـزە ئیسلامییەکانیـش) کار لەسـەر دەنگـی ناڕازیـی دەکـەن، بـەم شێوەیەش کەمکردنـی دەنگـی نـەوەی نـوێ ئەگەرێکـی بەهێز دەبێـت.

لە هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێراق کـە بە سیستمی (زۆرینـەی یەکدەنگیـی نەگوێـزراوە و کاندیـدی سـەربەخۆ) بەڕێـوە چـوو، جووڵانـەوەی نـەوەی نـوێ تەکنیکـی بانگەشـەی حیزبیـی بەکارهێنـا، بـە جۆرێـک کەمتـر کاندیدەکانـی ناسـاند و زۆرتـر لۆگـۆی جووڵانەوەکـەی زەق کـردەوە، ئەمـەش هۆکارێـک بـوو کـە دەنگـدەران ئاسـانتر بتوانـن لیسـتەکە جیا بکەنـەوە، بـەڵام

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا؛ پرۆسەکە جیاواز دەبێت، لەبەرئەوەی لە لایەک ژمارەی کاندیدەکان چەند هێندەی کاندیدەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەبن، لە لایەکی دیکەوە، هەم پارتی سیاسی و هەم کاندیدی سەربەخۆش کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەمەش ئەگەرێکی بەهێزە بۆ کەمبوونەوەی سەرمایەی دەنگی جووڵانەوەی نەوەی نوێ.

بەشێک لە کاندیدەکانی پێشووی نەوەی نوێ و کادیرەکانیان کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا سەرسەختانە کاریان بۆ سەرکەوتنی جووڵانەوەکە کردووە، لەم هەڵبژاردنەدا لە چوارچێوەی هێزی سیاسی تردا کاندیدن، یان لەدەرەوەی جووڵانەوەکەن و ئاراستەی کارکردنیان دژبەری نەوەی نوێ دەبێت، ئەمەش ئەگەری هەیە کاریگەرییەکی نەرێنیی گەورە لەسەر پێگە و دەنگەکانی نەوەی نوێ درووست بکات.

## چوارەم: کۆمەڵی دادگەری کوردستان

بەهەمان شێوەی لایەنەکانی دیکە؛ کۆمەڵی دادگەری کوردستانیش لەبەردەم ئاڵنگاریی گەورەدایە، بە جۆرێک کە سەنگ و هێزی کۆمەڵی دادگەری زیاتر دابەشبووە بەسەر پارێزگای هەڵەبجە و پارێزگای سلێمانییدا، لەکاتێکدا پارێزگای هەڵەبجە تەنها سێ کورسیی پەرلەمانی بۆ تەرخان کراوە، هەروەها پارێزگای سلێمانییش دەبێتە زۆنی گەرمی کێبڕکێی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن، لەم دۆخەدا ڕەنگە کۆمەڵی دادگەری چوار کورسیی پەرلەمان مسۆگەر بکات.

## پێنجەم: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

هێز و سەنگی یەکگرتووی ئیسلامی زیاتر لە سنووری پارێزگای دهۆکدا قەتیس بووە، بەراورد بە پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان، لە تەواوی بازنەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان یەکگرتوو لە دۆخی ئاساییدا بەپێی شیکاری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چانسی بردنەوەی (٨) کورسیی پەرلەمانی لەبەردەمدا بوو، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان؛ ئەگەرێکی بەهێزە کە لیستە نوێیەکان بەشێک لە دەنگەکانی یەکگرتوو پەرت بکەن، ئەمە هەمان دۆخ بۆ یەکگرتووی ئیسلامیی ناهێڵێتەوە، ئەم هێزە ڕەنگە لە نێوان (٥) بۆ (٦) کورسیی لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا بەدەست بهێنێت.

## شەشەم: بزووتنەوەی گۆڕان:

لە دوای شکستی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)؛ کە نەیتوانی هیچ کورسییەکی پەرلەمانی عێراق مسۆگەر بکات، ئەم هەڵبژاردنەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ هەستانەوە و بەهێزبوونەوەی بزووتنەوەکە یان زیاتر بچوکبوونەوەی، خۆ ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بتوانێت هەمان دەنگی ساڵی (٢٠١٨)ی پەرلەمانی کوردستان بەدەست بهێنێتەوە ئەوا دەتوانێت بە بەهێزیی بمێنێتەوە و نزیکەی (١١) کورسیی پەرلەمان مسۆگەر بکات، بەڵام ئەگەر هەمان ڕێژەی دەنگی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەست بهێنێتەوە ئەوا چانسی بەدەستهێنانی دوو بۆ سێ کورسیی دەبێت ئەمەش لە دۆخی ئاساییدا.

خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ بزووتنەوەی گۆڕان زۆر لەوانی پێشوو دژوارترە، بەپێی هەڵسەنگاندنی واقیع و ژینگەی سیاسیی؛ زۆر ئەستەمە ئەو بزووتنەوەیە بتوانێت هەمان دۆخی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) دووبارە بکاتەوە، چەندین هۆکاری بابەتیی هەن کە بزووتنەوەکەیان تووشی قەیرانێکی گەورە کردووە لەوانەش:

لە ساڵی (٢٠١٨) بەدواوە، بزووتنەوەی گۆڕان لە سەرجەم هەوڵەکانی بۆ ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە لەگەڵ باڵی ناڕازیی بزووتنەوەکە سەرکەوتوو نەبوو، ڕەنگدانەوەی ئەم هەوڵە سەرنەکەوتووانە بە تەواویی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەرکەوت کە نەیتوانی هیچ کورسییەک بەدەست بهێنێت.

مانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەناو حکومەتدا ئەگەر بۆ ئەوەبووبێت پێیەکی لەناو دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام لەبەرانبەردا وەڵامدەرەوەی خواستی دەنگدەرەکانی نەبووە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە کە دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز کەمی کردووە.

دۆخی بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای ساڵی (٢٠٢١)ـەوە زیاتر شڵەژاوی پێوە دیاربووە، بە تایبەت ناڕەزایەتیی لەناو بزووتنەوەکەدا جارێکی دیکە سەری هەڵداوەتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ڕێژەی دەنگەکانی بەجێدەهێڵێت.

ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانیی کار لەسەر دەنگی ناڕازیی و بە شێوەیەکی سەرەکییش لایەنگران و دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات.

هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان چەندێک گرنگ بوون بۆ خۆڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکە و چالاککردنەوەی ئۆرگانەکانی، هێندەش کاریگەریی نەرێنیی دروست کرد بەتایبەت لە دابەشبونی ئەندامان و لایەنگرانیان بەسەر دوو باڵی سەرەکییدا. ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەم پرسەش کاریگەریی نەرێنیی زیاتر لەسەر دەنگدەرانی بزووتنەوەکە دروست بکات.

## حەوتەم: بەرەی گەل:

هێزێکی سیاسیی نوێیە و وەک قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەکات، بەرپرس و کادیرە سەرەکییەکانی لە هەناوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە هاتوونەتە دەر، هەر لەبەرئەوەشە سەرمایەی هێز و دەنگیان بە شێوەیەکی سەرەکیی لە ئەندامان و کادران و لایەنگر و دەنگدەرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئاستی دووەمدا ئەگەری هەیە کار لەسەر دەنگدەری ناڕازیی بکات و بە تایبەتیش بەشێک لە دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێ پەرت بکات.

## هەشتەم: ڕەوتی هەڵوێستی نیشتیمانی:

هێزێکی سیاسیی تازەیە و وەک قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ بەشداریی لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا دەکات، بەرپرس و کادیرە سەرەکییەکانی لە هەناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە هاتوونەتە دەر، هەر لەبەر ئەوە سەرمایەی هێز و دەنگیان بە شێوەیەکی سەرەکیی لە ئەندامان و کادران و لایەنگر و دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دێت، بە تایبەت ئەو دەنگدەرانەی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لە بزووتنەوەکە زویر بوون، لە ئاستی دووەمدا ئەگەری هەیە کار لەسەر دەنگدەری ناڕازیی بکات بە تایبەت بەشێک لە دەنگدەرانی نەوەی نوێ و پارتە ئیسلامییەکان وەک یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵی دادگەری پەرت بکات.

## نۆیەم: هێز و هاوپەیمانییەکانی تر:

هەریەک لە هێزە سیاسییەکانی دیکەی وەک شیوعی، زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و هاوپەیمانییەکانیان، لەبەرئەوەی دەنگەکانیان پەرت دەبێت بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا چانسی بەدەستهێنانی کورسییان زۆر زۆر لاواز دەبێت یان هەر نابێت.

## دەیەم؛ کاندیدە سەربەخۆکان:

لەبەرئەوەی ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتێکی شیکاریی داتایی و بەراوردکارییە لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)، نەک لەو جۆرە ڕاپرسییانەی لە نزیک و سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، هەربۆیە هیچ پێوەر و ئامارێک لەئارادا نەبوو کە ڕێ بدات دەنگ و سەنگی کاندیدە سەربەخۆکان مەزەندە یان پێشبینی بکرێت.




**ڕێکخراوی پاسەوان**

No 5, Alley 65, 101 Shoresh District
Sulaymaniyah, Kurdistan Region of Iraq
contact@pasewan.com | www.pasewan.com
+964 772 527 6043

PASEWAN

ڕێکخراوی پاسەوان، بۆ توێژینەوەی سیاسەتە گشتییەکان